# مەراقی پەروەردەو... شتی دیکەش

شێرزاد حەسەن

تێنەگەیشتنی سەرکردەکانی کوردو ئاغایانی سیاسەتی کوردی سەبارەت بەرەوشی پەروەردە دوای حەڤدەساڵ غەمگینترینو تاڵترین ئەزموونی ئێمەیە، کە مەترسی دۆڕانی ئایندە بەم رۆحە ساردو بەتاڵەوە یەکێکە لەئەگەرە هەرەگەورەکان

## بەشی یەکەم

یەکەمین هەوڵو سەرەکیترین ئەرکو خەون لەجیهانی پەروەردەدا، بەو ئاراستەیە کاردەکات کە مرۆڤ سازو ئامادەبکات، تا لەئاکامدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی تەندروستو رەوشتبەرزو زانستپەروەرو خاکپەرسستو خەڵکدۆستو مرۆڤپەروەری لێ دروستببێت. هەر لەبەرئەوەشە کە پەروەردەو فێرکردن لەم سەردەمەدا پرۆسەیەکی درێژخایەنەو هەرهەموو قۆناغەکانی ژیان دەگرێتەوە، هەر لەساتەوەختی لەدایکبوونەوە تا دواهەناسە.

هەندێك بڕوایانوایە، کە پەروەردە لەساتەوەختی بوون بەدەڵەمەوە دەستپێدەکات، (کە هێشتا تۆ لەناو منداڵدانی دایکێتی، چ بۆ مێو چ بۆ نێر)، هەرلەبەرئەوەشە کە دەزگای پەروەردە لەتەك دەزگای خێزاندا لەمرۆکەداو لەسەرتاسەری جیهاندا بایەخی یەکەمی وەرگرتووە.

لەهەرهەموو هەوڵو خوێندنەوەکانی بواری پەروەردەدا، هەر لەسەرەتای چەکەرەکردنی فیکری یۆنانییەوە تادەگاتە دوا پەروەردەناسەکانی سەدەی بیستەم، ئەو ترسو مەراقو خولیاو دڵەراوکێ مەزنو بێکۆتاییە دەخوێنینەوە لەمەڕ پرسی پەروەردە، کە وایکردووە لەکۆنفشیۆسو بوداو موساو عیساو محەمەدەوە تادەگات بەکۆمەڵناسو دەروونناسە هاوچەرخەکان، چەندین نەخشەی جیاوازو رەنگاورەنگو دژیەكو لەهەمانکاتدا تەباو کۆکمان پێببەخشن.

چەندین دیدگاو تیۆرە کە هەمیشە ناکۆکییەکانی ناوی گەلێك زۆرترە بۆ دۆزینەوەی ماستەرپلانێك ـ نەخشەیەکی هەمەگیر ـ بۆ پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکان.

مێژووی ناکۆکی لەبواری پەروەردەدا هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە تا دواکتێبەکانی سەرەتای سەدەی بیستویەك ئەو جیاوازییە گەورەیە دەخەنەبەردەستمان لەمەڕ ئەو پێکهاتە زۆر ئاڵۆزو چنینە وردو پڕ لەئیشکالییەتەی، کە کۆمەڵگا بەپەروەردەوە دەبەستێتەوە.

خودی (فرۆید) لەو بوارەدا سێ نەرێو نەشێو مەحاڵی هەبوو، کە پێکهاتبوون لە:

خودی شیکاری دەروونی مەحاڵە، ئەگەرچی خۆی دامەزرێنەری (قوتابخانەی شیکاری دەروونی) بوو.

مەحاڵی دووەم، گومانکردنێکی گەورەبوو لەحوکمڕانیو بەڕێوەبردنی خەڵکی.

سێیەمین مەحاڵ، بە(پەروەردە) ـەوە پەیوەستبوو.

دیارە هەرسێ مەحاڵەکان دەنۆتۆڕی پەروەردەکردنو بەڕێوەبردنو تێگەیشتنبووە لەوەی مرۆڤ بۆخۆی چییە، ئێمە چیمان لەو بوونەوەرە دەوێت، چ سەرمەشقو راهێنانو سیاسەتێك چاکە بۆ گەیشتن بەئامانجە مەزنەکانی پەروەردە؟

لەوەشدا (فرۆید) پێچەوانەی (ڤۆڵتێر) بوو، کە ئومێدێکی گەورەی بەپەروەردە هەبوو بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی ساغڵەم.

مەراقی گەورەی ریفۆرم ـ چاکسازی ـ لەمبوارەدا لەوەوەهاتووە، کە ئەم سەردەمە هەلومەرجی گەورەو تازەی هێناوتەپێشێ، کە ئەگەر نەبینە خاوەنی هەرهەموو پێویستیە فیکریو مادییەکان بۆ خوێندنەوەی خۆمان بەهەموو ئەگەرو رکەبەریو ئەو پێکۆڵیو ململانێ تازانە، کە ئەو قۆناغە بۆمانی دروستکردووە دەنێو گۆڕو چاڵەکانی خۆماندا تاریکی سەردەمە دێرینەکان کوێرمان دەکات.
تێنەگەیشتنی سەرکردەکانی کوردو ئاغایانی سیاسەتی کوردی سەبارەت بەرەوشی پەروەردە دوای حەقدەساڵ غەمگینترینو تاڵترین ئەزموونی ئێمەیە، کە مەترسی دۆڕانی ئایندە بەم رۆحە ساردو بەتاڵەوە یەکێکە لەئەگەرە هەرەگەورەکان، راستە نەك تەنها بۆ ئێمە، بەڵکو خودی ئاوروپاو ئەمریکاو ئاسیاو کیشوەرەکانی دیکەش، وەك هەمیشە لەخۆیان دەخەفتنو چاپووکدەبنەوە بۆ سەرخستنی ریفۆرمێکی هاوچەرخانە.
یەکێتی ئاوروپا لەهیچ قۆناغێکدا وەك ئەمڕۆکە پڕمەراقو بێ ئۆقرە نەبووە لەمەڕ پرسی پەروەردەو چۆنیەتی خۆسازدانو تەیارکردنو پێشوازیکردن لەسەدەی بیستو یەکەم، هەوڵی بێوچان بۆ ئەوەشە کە لەمیانەی چاکسازیدا وابکەن پەروەردە بەهەرزانی بگاتە هەرهەمووان، بەڵام جەختکردنەوەو پێداگرتنێکی زۆر لەسەر ئەوەیە کە پەروەردەیەك بێتەکایەوە، کە پەیوەستبێت بەوەڵامدانەوەی ئەو گرفتو کێشە هەرەترسناكو مەزنانەی کە بۆ هەرهەموو خەڵکانی سەر ئەم ئەستێرەیە بابەتی ژیانو مەرگە (گۆڕانێکی تازەو گەورە لەسەر ئاستی تاكو کۆمەڵگاکان).
لەهەنووکەدا کە پێخستنەناو هەزارەی سێیەم لەهەمووانی دەخوازێت کە بەترسەوە لەدۆخی کورد بڕوانین بەگشتیو سەبارەت بە پرسی پەروەردەش بەتایبەتی، مەترسییەکەش لەوەدایە کە هێشتا لەژێر هەژموونو هێزی زاڵی ئەو رۆحە شۆڤێنیستییەی عێراقو سوریاو ئێرانو تورکیا دەرنەچووە، لەوەش ترسناکتر: ئێمە چەندە دەتوانین بۆ هەنووکەو لێرەدا لەژێر ئەو هەژموونەی عێراقێکی هەلاهەلاو بریندارو بێ بەرنامەیی فیکریو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی قسەبکەین لەسەر ئازادیو کارو چاکسازی پەروەردە؟ کە ئەمەیان بێ ویستێکی گەورەی سیاسیش ناکرێت، کە هەرهەموو هێزە مادیو ئینسانیەکان بخەینەگەڕ، بێ کاراکردنی عەقڵی پەروەردەناسەکانی ناوەوەو قەرزکردنی عەقڵی تازە لەو وڵاتانەی کە لەم بوارەدا پێشەنگنو بەپراکتیکی بەرئەنجامە گەورەکانیان لەلای هەمووان ئاشکران.
چاکسازی ناکرێت بەبێ تێگەیشتنی دەسەڵاتدارانی کوردی لەوەی دەزگای پەروەردە هەستیارترین دەزگایە کە مرۆڤی سەر ئازاو دڵئازاو رۆحئازاو رەخنەگرو گومانکارو دەم هەراشو پڕ لەپرسیار دروستدەکات، تاکە کارگەیەکی راستەقینەیە بۆ دروستکردنی مرۆڤێك کە لەزانستو فیکرو هونەرو ئازادی بۆ خۆیو خاكو خەڵکەکەی کەمتری نەوێت، بۆ مرۆڤایەتیش ـ هاو ـ وڵاتییەکی جیهانی ـ بێت، بەتایبەتی لەعێراقێکدا کە بەسەر جەهەننەمو رۆحی وەحشیەتگەری ـ پتر لەنیو سەدەیە، کراوەتەوەو تا هەنووکە دەروازەو کورەکانی ئەو جەهەننەمە دانەخراون، لەوڵاتێکدا کە وەزیرەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵایان لەدوای نەمانی (سەدام) ـەوە خەمی سەرەکیان چۆنیەتی شاردنەوەو باڵاپۆشی کچە قوتابییەکانەو مانشێتی رۆژنامە حیزبییەکانیان لەسەر زمانی وەزیرانی پەروەردەو خوێندنی باڵایان ئاماژەدەکەن بەداخستنی ئاودەستخانەکان WC، کە لەسەر دیزاینی رۆژئاوایی دامەزراونو بەحەرامی دەزانن، قوتابخانەکانو مزگەوتەکانیان پێکەوە منداڵانی تەمەن شەش ـ حەوت ساڵان فێردەکەن چۆن بەزنجیرو قامچی لەسەر جادەکان لەخۆیان بدەن، رووتو قووت، تا خوێنیان لێ دەچۆڕێت، ئەمەیان گەر سروتێکی ـ تەقسێکی میللی ـ بێت لەبابەتی ئاهەنگی زەماوەندو پرسەیە، یان بەشێکە لەکلتوورو میراتێکی ئایینی.. هەرچی

بێت، غەمگینترینو ترسناکترین دیمەنو پێشهاتمان لەوڵاتێکدا دەخاتەبەرچاو کە نوقمەدەنێو رۆحی تۆڵەو قینو شەڕانگێزی.
گەرەکمە بێ دوودڵی بڵێم: ئێمە دراوسێی جەهەننەمین، ئەوەش بەو مانایە نایەت کە ئێمە لەکوردستان واین دەنێو باخەکانی بەهەشتو چاوێکمان لەسەر ئاگری دۆزەخی ئەوانیدیکەیە، ئاخۆ دەکرێت دوای 30 ساڵ کارکردن لەبواری پەروەردەدا بەدەنگی بەرز قسەبکەم لەسەر گومانی خۆم، کە رۆژبەرۆژ گەورەتردەبێت.
سەرباری ئەوەی کە من لەساڵی 1958 لەقوتابخانەیەکی سەرەتایی ـ رەواندز، کە دایکم پەلی گرتمو لەمەکتەب ناونوسیکردمو بەو پیاوە داربەدەستو حەیزەران بەدەستەکانی وت "گۆشتی لۆنگۆ بیو ئیسقانەکانی لۆ من...".
کەواتە من، وەك منداڵێکی ترسنۆكو رووتو رەجاڵ تاهەنووکە کە ئەفەندیم (50) ساڵی رەبەقە کارەکتەرێکی ناو ئەم دەزگایەم بەپیشەو کاری جیاوازەوە.. بەدەر لەقسەی فەیلەسوفو تیۆرە پەروەردەناسەکان ئەزموونی چرووپڕی ئاوس بە نوشوستیو سەرکەوتنو ئومێدو خەونو خولیاکان مافم دەداتێ قسانبکەم.
رستەکەی دایکم، کە بە بەڕێوەبەری وت، دەکرێت لەو رۆژەوە گۆشتم بۆ مامۆستاکان بێت، تەنها بەئیسقانەکانەوە لەپۆلە ساردو غەمگینەکانەوە بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان، وێنەی (قەسابخانەی) هێنایە زەینم، لەوساوە تاهەنووکە، کە دەکات بەنیوسەدە بۆ من پتر لەقەسابخانە دەچێت، نەك قوتابخانە.
دواتر ساڵ بەساڵ، ئەو شێوە هەرەکۆنو مردووەی وانەوتنەوەو زەبروزەنگی نەبڕاوەو شێوازی دیزاینو دروستکردنی قوتابخانەکان بەبنمیچی نزم، دەرگاو پەنجەرەی بەرتەسكو داخراوەوە، نەبوونی یاریگاو کوشتنی رەسمو مۆسیقاو مردنی سەوزایی ناو قوتابخانەکان، بەو پرۆگرامانەی کەمترین پەیوەندی هەبوو بەژیانو گوزەرانو ژینگەی خۆمو پرسیارو گومانو ترسو شەرمەکانمەوە، تا دەگا بەشێوەی دانیشتمان لەپۆلەکاندا وەك کۆمەڵێك مەلی ناو قەفەزو بەندیو سەربازی گزگلو گوێڕایەڵ، نەخشەی قەسابخانەکەی لێ خوێناویتر کردم، ئەمجارەیان هەستێکی ناشیرینو قووڵ دایگرتم، کە ئەوەیان پتر لەبەندیخانە دەچێت لەتەك وێنەی یەکەمی قەسابخانەکە هەرواش بوو، چونکە منو هاوەڵەکانم پتر لەداهۆڵو بووکەسەماکەرە دەچووین تا منداڵی زیتو زیرەكو زیندوو، چی جوانیو بزێویو خەیاڵو مەراقو وردە خولیا هەبوو، ساڵ دوای ساڵ کوژران.
لەمێژووی زۆر وڵاتی دنیا، وەك ئەم قۆناغە تاریکەی ئێمە، قوتابخانەکانیان قەسابخانەو بەندیخانە بوون، مزگەوتو کڵێساکانو سەدەها خانەی دیکەی پەروەردەکردن بوون بەو کارگانەی کە بەملیۆنەها داهۆڵیان فڕێدایە ناو ژیان.
کە ئەمڕۆکە ئاوڕدەدەمەوە، پێم سەیرنییە ئیمپراتۆرەکان چۆن بەکەللەسەر قەڵاو کۆشكو شورای چینو ئەهرامەکانیان دروستکردووە، چش لەوەی کە ئەم میراتە شارستانیانە مانای تازەیان هەیە، بەڵام قسە لەسەر خەساندنو ملکەچکردنی ملیۆنەها مرۆڤە، کە رۆحی پەروەردەی ئەو رۆژگارە کردوویەتی بەچارەنووسێکی خواهانە، ناکرێت فرمێسكو خوێنو ئارەقەی ملیۆنەها قسەیەکی دیکەی لەسەر نەکرێت.
دواجار ئەوە سیحری پەروەردەیەو پەرجووی(موعجیزە) مەشقو راهێنانە لەسەر ئازادکردنی مرۆڤ یان بەکۆیلەکردنی، یەکەمین دەزگا ماڵو خێزان بوو، کە کارگەیەکی هەمیشە بەگەڕو چالاکبوو بۆ دروستکردنی مرۆڤەکان لەسەر شێوەو ئاکاری داهۆڵەکان، ئەوە بەتەنها هێزو توانای عەقڵیو مادی نەبوو کە لەسەر دەستی هیتلەرو مۆسۆلێنیو سەدام، فرانکۆو ستالینو باقی کاروانی

دکتاتۆرەکان خرابێتەگەڕ تابتوانن وڵاتان خاپووربکەن‌و ملیۆنەها کوژراوو بریندار کەمئەندام لەکوشتارگەکانی خۆیاندا بەجێبێڵن.

فرۆم، ئەوە دەسەلمێنێت کە ملیۆنەها سەربازی بێ ویست‌و ترسنۆك‌و گرگن‌و خەسیو (هیتلەر) یان دروستکرد، کە بوونەوەرو مەخلوقاتی زەبوون‌و تەنیاو دەرچووی ناو دەزگاکانی ماڵ‌و مەکتەب‌و کڵێساو خانە خراپەکانی حیزب بوون، کە لەدوای قۆناغدا دەبوون بەجەنگاوەرو دەروێشی خوێن، دەهاتنەناو ژیان‌و دەکوژران‌و دەیانکوشت، دەنا هیتلەر بۆ خۆی دەکرا تاماوە وەك بۆیاخچی یان جێگری عەریف بژیایە، لەباشترین دۆخدا وێنەکێشێکی کەم گوناەو بێوەی بووایە، شۆڕشی ئۆکتۆبەرو خەونی بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسانیخواز ماوەی حەفتا ساڵ سەرگەرمی دروستکردنی شوورایەکی تەلبەندبوو بۆ خۆی نەبا دوژمنانی سەرمایەداری ئەو خەونەی لێ بشێوێنن

ئارەقەو فرمێسکی خوێنی کوشتارگەکانی (شۆڕشی سوور) لەوەی هیتلەر کەمترنەبوو، دوای داڕوخانی بلۆکی سۆشیالیزم روسیاو کۆمارە هەڵوەشاوەکانی سۆڤیەت‌و وڵاتانی دیکەی ئاوروپای رۆژهەڵات لەسەر دۆڕانی گەورەترین خەونی مێژوویی وەئاگاهاتن، تا هەنووکەش بەرهەمی ئەو خەونەو دۆڕانەکەی لەسەر بارودۆخی ئینسانی هەرهەموویان کەوتووە، هەر لەمنداڵفرۆشتنەو باندی قاچاخچییەتی کۆیلەی سپی ـ کەسێکس هەرزانی‌و لەشفرۆشی کرد بەدیاردەیەکی رۆژانە تا دەگا بەکۆچ‌و رەوی ملیۆنەها، باڕو ئۆتێل‌و سەماخانەو تیاترۆخانەو کاباری‌و بازاڕە گەورەکانی لەشفرۆشی پڕن لەو کچە شەنگانەی روسیاو چیك‌و ئۆکرانیاو رۆمانیا...هتد.

لەئەزموونی سیاسی بەعسی لەعێراقدا، دەگەین بەو ئاکامەی کە سەدام بەرهەمی هەمان دەزگای شڕوشێواوە کە لەماڵی خۆیانەوە دەستپێدەکات‌و بەناو قەسابخانەکانی قوتابخانەکانەوە تێدەپەڕێت، دواجار دەنێو کارگەی سیاسەتێکدا دەبێت بەکرێکارێکی خوێن خۆرو ملهور، لەتەك خوێن‌و چەقۆدا، لەدوارۆژانی تەمەنیشیدا وەك دیکتاتۆرێکی شێت‌و گەلحۆ خۆی‌و خەڵك‌و خاكێك وێراندەکات.

لەو میراتە بەبڵاوەی باووباپیرانی بەتەنها (ئەنفال) قەرزدەکات، سەدام وەك تەنیاترین‌و زەبوونترین‌و ترسنۆکترین بوونەوەری مێژوو لەسەر ترس‌و تۆقین‌و رۆحی مردووی میللەتێك گەمەیدەکرد، هەمیشە (بەئاگابووبێت یان بێئاگا) ئاگاداری ئەوەبوو کە بەملیۆنەها دەنێو کارگەکانی ماڵ‌و مەکتەب‌و مزگەوت‌و سەربازخانەو خانەکانی ئەو حیزبانەدا وەها پەروەردەکراون‌و سەرمەشقیان پێکراوە، کە هەرکاتێك بیەوێت وەك مەڕو بزن رەوانەی قەسابخانەکانیان بکات.